# لە جیاتی سەرەکی فەرماندە صدام حسین

# هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئامادەی ئاهەنگە جەماوەریە گەورەکەی هەولێر دەبێ

# ڕاسپاردەکانی سەرەکی فەرماندەری نیشاندەرمانە لەسەر ڕێگای سەرکەوتنی زیاتر



**لە جیاتی سەرەکی فەرماندە صدام حسین ، هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی قوتری و ئەمینداری نهێنی نووسینگای ڕێکخراوەی ناوچەی سەرەوە لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا ئامادەی ئەو ئاهەنگە جەماوەری یە گەورەیە بوو کە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لە ناوچەی دارستانەکانی ناحیەی (خەبات)دا گێڕدرا ·**

هاوڕێ نوێنەری سەرەکی فەرماندە وتارێکی لەم ئاهەنگەدا خوێندەوەو تیایا شانازی بەوەوە کرد کە سەرەك بە نوێنەری خۆی داناوە بۆ چاودێری کردنی ئاهەنگەکانی پارێزگای هەولێر و بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان کردو وتی شۆڕشە سەرکەوتووەکەتان شۆڕشی ١٧–٣٠ی تەمووز توانیویەتی لەم ماوە زۆر کورتەداو لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕەکانی حزبە پێشەواکەیا حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و تیۆری بەعسی یانەی کە سەرەکی فەرماندە صدام حسین بناغەو بنکەکەی پتەوکردوە ، توانیویەتی ئەرکێکی زۆر گەورەو مەزن لە ڕێبازی بنیاتنان و گۆڕانکاری و هێنانەدی کۆمەڵگای سۆشیالیستی دیموکراسی یەکگرتوو گەورەکردنی مرۆڤدا بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە تەواو بکاو ئەو بارە ڕیشەیی یە بهێنێتەکایەوە کە هەموو لایەکی وڵاتە خەباتکەرەکەمانی گرتوەتەوە ·

هاوڕێ سعدی مهدی صالح لەسەر وتارەکەی ڕۆیشت و وتی « ئێستا عیراقی‌یەکان لەوپەڕی سەرەوەی عیراق یا خوار خوارەوەی عیراق بە عەرەب و کوردو کەمایەتی‌یە براکانی ترەوە بۆ دەربڕینی شانازی‌یان بە دەستکەوتەکانی شۆڕشە مەزنەکەیان بە شانازی‌یەوە خۆیان لەبەردەم گەلان و نەتەوەکانی سەر زەویدا پیشان دەدەن لەبەر ئەو دەستکەوتانەی لەبارەی ژیانی سەربەستی سەربەرزو ئاوو هەوای دیموکراسی‌یەوە دەستیان کەوتوەو شانازی بەوەوە دەکەن کە خەڵکی نیشتمانی عیراقن ·

ئەنجا باسی ئەو ئاهەنگانەی کرد کە چەند ڕۆژ لەوەپێش بە بۆنەی یادی سیازدەهەمی دەرچوونی بەیاننامە نەمرەکەی ئازارو نۆهەمی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی‌یەوە کران کە چۆن ئەو شانازی‌یەیان دەردەبڕی کە گەلی سەربەرزی عیراق بە شێوەیەکی گشتی و ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان بەتایبەتی دەیکەن بەم دوو دەستکەوتەوەو وتی دەبێ بە هەموو شانازی‌یەکەوە ئەو دەورە باڵایە دەستنیشان بکەین کە سەرەکی فەرماندە صدام حسین گێڕای لە هێنانەدی ئەم دوو دەستکەوتە مەزنەو چاودێری کردنی هەموو کاروبارێکی وردو درشتدا لەم بارەیەوە بۆ هێنانەدی ئەوەی عیراقی‌یەکان بیری لێدەکەنەوە بۆ پەرەپێدانی ئەم تاقیکردنەوە دیموکراتی‌یە سەرتەلەدا ·

هاوڕێ سعدی مهدی صالح دووپاتی کردەوە کە ئەو باری هەڵسانە شارستانی‌یەی کە وڵاتە نەبەزە سەربەرزەکەمان تیا دەژێ لەگەڵ ئەو باری بنیاتنان و پێشکەوتنەی کە کەوتوتە هەموو لایەکی ژیانەوە دوژمنە کۆنو تازەکانی تۆقاندوەو دەستیان کردوە بە پیلان گێڕان بۆ تەگەرە خستنە بەر ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی ·

هەروەها وتی یەکێتی نیشتمانی عیراقی‌یەکان و باوەڕی پتەویان بە شۆڕشە مەزنەکەیان شۆڕشی ١٧–٣٠ی تەمووز کۆبوونەوەیان بە دەورە پێشەوایەتی‌یە دووربینە خەباتگێڕەکەیانا کە سەرەکی فەرماندە تێکۆشەر صدام حسین پێشەوایەتی‌یان دەکا لە جەنگی بەرگری پیرۆزو شەرافەتمەندیانا دژی دەستدرێژی ڕژێمی خومەینی تەڵەکەباز بە تەواوی دیارو ئاشکرایە ·

هاوڕێ نوێنەری سەرەکی فەرماندە ڕووی کردە جەماوەرو وتی ئەو باری شارستانی و پێشکەوتنەی کە وڵاتەکەمان تیا دەژی بە سەرکردایەتی سەرەکی فەرماندە صدام حسین ئەرکی ئەوەمان دەخاتە سەر کە هەر کەسێ هەست بەوە بکا کە ئەندامی کۆمەڵگایەکی بەرامبەر دەستدرێژی‌یەکی تاوانبار وەستاوە کە دەیەوێ زیان بە حزب و یەکێتی نیشتمانی و سەربەرزیمان بگەیەنێ و دەبێ بە هەموو توانایەکمانەوە پێویستی‌یەکان جەنگ پتەو بکەین و ئامۆژگاری‌یەکانی سەرەکی فەرماندە بکەین بەرێ پیشاندەرمان ·

لە کۆتایی ئاهەنگەکەیشدا جەماوەرە ئەم بروسکەیەی خوارەوەیان بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسین بەرزکردەوە !

ئێمە جەماوەری پارێزگای هەولێرین کە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزو دەستپێکردنی هەفتەی قادسیەی صدامەوە ئاهەنگ دەگێڕین بە ئامادەیی نوێنەری سەرەکی فەرماندە صدام حسین هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی قوتری ئەمینداری نهێنی نووسینگای ڕێکخراوەی ناوچەی سەرەوە لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا بەرزترین نیشانەی پیرۆزبایتیان پێشکەش دەکەین ئەی سەرەکی بەڕێزمان بەڵێنتان دەدەینێ کە هەموو توانامان بخەینە بەردەستتان بۆ جێبەجێ کردنی هەموو ئەرکێ کە پێمان بسپێرێ ·

سەرەکی بەڕێز : ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان کە لە ئاهەنگەکانی ئازارو نەورۆزدا دەژین و ئەم ئاهەنگانە دەست دەکەنە ملی شایی‌یەکانی هەفتەی قادسیەی صدامی پیرۆزو هەموو کەسێ لە شانەی سێبەری شۆڕشە بەخشندەکەمانا ڕادەبوێرن شانازی بەو چاودێری‌یە تایبەتی‌یەوە دەکەن کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان و جەماوەری تیایدایەو بەڵێن تازە دەکەنەوە کە ڕیزێکی پتەوبن لە پشت سەرکردایەتی‌یە بێ هاوتاکەتانەوە بۆ بەرگری کردن و ڕاوەستان دژی دەستدرێژی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێراند دوا دڵۆپی خوێن بەخت بکەن بۆ پاراستنی خاکی شۆڕش و دەستکەوتە مەزنەکانی و بنیاتنانی عیراقی ئازادی گەشەدار ·

هەر سەرکردەی ڕەوتە سەرکەوتووەکەمان بی · بەرزی و نەمری بۆ شەهیدانی قادسیەی صدام ·

جەماوەری کۆبووەوە

**لە ئاهەنگی نەورۆزی پارێزگای هەولێردا**

ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان لە ئاهەنگەکانی ئادارو نەورۆزدا دەژین دەست دەکەنە ملی شایی‌یەکانی هەفتەی قادسیەی صدامی پیرۆز





عیراقی‌یەکان لەوپەڕی سەرەوەی عیراق یا خوارەوەی عیراق بە عەرەب و کوردەوە بە شانازی‌یەوە خۆیان لەمایەی دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشدا دەبیننەوە





Institut Kurde de Paris

